بابە شێخی حوسێنی بۆ ئاسۆ:

# هیچ کام لە هێزەکانی کوردستانی ئێران ناتوانن دژی ئەو واقعە قسە بکەن کە ئێستا لە ئارادایە

دیداری

سەلاحەددین بایەزیدی

سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران (خەبات) لەساڵی ١٩٨٠وە دامەزراوە و لەدژی ئێران خەباتی چەکداری و سیاسیی هەبووە. سەبارەت بە ئاڵ و گۆڕییەکانی ئێران و بەرەی کوردستانی و .. وت و وێژێکمان پێکهێنا لەگەڵ بابە شێخی حوسێنی ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات.

+ زەخت و گوشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت، بەتایبەت هەندێك مەسەلە وەك دۆسیەی چەکە ناوکییەکان تا دێت زەق تر دەکرێتەوە، ئێوە وەك سازمانی خەبات چۆن دەڕواننە ئەم ئاڵ و گۆڕییانە؟

- دیارە وەکوو باست کرد مەسەلەی چەکە ناوکییەکانی رژێم یەکێکە لە هۆیەکان کە فشاری خستۆتە سەر ئەو رژێمە. بەڵام لایەنی دیکە و هۆی دیکەش هەیە لەسەر ئەوەی کە فشار زۆرە لەسەر رژێم، بۆ نموونە مەسەلەی پێشێل کردنی ماڤ مرۆڤ و سەرکوتی نەتەوەکان. هەمووومان دەزانین کە ئەو رژێمە پەنجا و سێ جار لە لایەن کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مەحکووم کراوە. بەڵام مەترسیدارترین شت کە ئێستا لە ئارا دایە، مەسەلەی بەرنامە ئۆتۆمییەکانە. بێگومان کۆمەڵگای جیهانی ناتوانێ دەست لەسەر دەست دانێ و هەروەها لێگەڕێ ئەو رژێمە ببێتە خاوەنی چەکی ئۆتۆمی و هەڕەشە دەربکات لەسەر خاوەنداری بوونی دەوڵەتێکی ئەندامی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەواقع ئێمە پێمان وایە لەو هەل و مەرجەدا دەبێ هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان هاوکارییان هەبێ، پێویستە لەگەڵ فشارە جیهانییەکان هاوئاهەنگ و هاوکار بین بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا پاش ڕوخانی رژێمی کۆماریی ئیسلامی، ئێرانێکی بێ کێشە و بێ گێرەمان هەبێ. بەتایبەتیش هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەبێ پەیوەندی و هاوکارییان زیاتر بێت. ئێمە باوەڕمان بەتەبایی و هاوکاریی هەیە و پێشمان وایە هەموومان دەبێ گشت هۆیەکان یەك بخەین، بۆ ئەوەی بتوانین خەڵك ئامادە بکەین و زیاتر خەڵك بێنینە مەیدان نەك ئەوەی کە لەگەڵ هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بین.

+ زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەك کریس کۆچێرا پێیان وایە شۆڕشی داهاتووی ئێران، بەپێچەوانەوە شۆڕشێکی دژە مەزهەبی دەبێ، ئێوە وەك رێکخراوێکی ئیسلامی ـ نەتەوەیی چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبنەوە؟

- ئەمن پێم وایە ئەم بۆچوونە هەڵەیە. بەو ئەزموونەی کە ئێستا لە عێراقدا بەرچاوە، هەموومان ئاگادارین کە زۆربەی هێز و لایەنەکانی موخالیفی رژێمی سەددام حوسێن عیلمانی بوون، بەڵام ئێستا دەبینین سەرچاوەی دەستووری عێراق ئیسلامە، هەر چەند قسە لە سەر ئەوە دەکرێ کە دەوڵەت و حکوومەتی ئاییندە دێموکرات بێ، سەرچاوەی سەرەکیی دەستوور ئیسلامە. ئێمە بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، پێمان وایە نابێ کێشەمان لەسەر بوونی ئیسلام هەبێ. پێمان وایە گرنگ ترین شت ئەوەیە باوەڕمان بە ئازادی و دیموکراسی هەبێ. یانی شەڕەکەمان لەگەڵ ئیسلام نەبێ. پێمان خۆش بێ یان نا، زۆرینەی خەڵکی ئێران موسڵمانە. یانی ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە بەرنامەمان ئەوە بێ کە شەڕ بکەین لەدژی ئیسلام و خەڵکی ئێران وامان تێ بگەن کە کاری ئێمە دژایەتی لەگەڵ ئیسلامە، بێگومان خۆمان زەرەرمەند دەبین و خەڵکمان لێ دوور دەبێتەوە. بۆیە ئێمە پێمان وایە دەکرێ حکوومەتەکە، حکوومەتێکی ئیسلامی نەبێ، دیارە ئێمە موخالیفی ئەوە نین حکوومەتەکە دیموکراتیك بێ، بەڵام ئەگەر ئیسلام دوور خەیەوە لە هەموو قانوون و پڕۆگرامێکی دەوڵەتی، پێم وایە سەرکەوتوو نابین و خۆمان لە جەماوەر بەگشتی تەریك دەکەینەوە.

+ لەقسەکانتدا باسی هاوکاری و هاوئاهەنگی ئەحزابی کوردستانت کرد، دیارە ئەوەش تەنیا لەچوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانی دا مومکینە کە هەموو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆکن لەسەر پێکهێنان و دروست بوونی، پێناسی ئێوە بۆ بەرە چییە و تا چەند گەشبینن بە دروست بوونی ئەم بەرەیە؟

- بەرەی کوردستانی ویست و هیوای هەموو لایەن و هێزە سیاسییەکانە، باسێکی سەرەکیشە. ئێمە وەك سازمانی خەبات بە بێ هیچ مەرجێك ئامادەین بۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی. لەو پێناوەشدا زۆرمان هەنگاو هەڵگرتووە. یانی ئێمە زەرورەتی بوونی بەرە ئەوەندە بە گرنگ دەزانین کە پێمان وایە دەبێ لەو قۆناخە دەرچێ کە هەر حزبێکی سیاسی بیەوێ خۆی پێ گەورە بکات لە رێگەی باسکردن و مەترەح کردنی بەرە. بەلای منەوە پێویست ناکات فلان هێز و لایەن بڵێ ئێمە ئەو مانگە یاخود ئەو ساڵە پێشنیارمان بۆ بەرەی کوردستانی کردووە. بۆ وێنە سازمانی خەبات زۆر لەمێژە لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان لەساڵەکانی ١٣٦٧ەوە بەدوا ئەو پێشنیارەی کردووە، بەڵام کێشە لەسەر ئەوە نییە کە کێ پێشنیار دەکا یاخود کێ ڕایدەگەیەنێ و کێ داوای دەکا، گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە بە جددی هەوڵ بدەین بۆ دروست بوون و پێکهێنانی بەرە. بەداخەوە ئێستا ئەو جددیەتە نابینرێ و هەر هێزێکی سیاسیی بۆچوون و خوێندنەوەی تایبەتی لەسەر بەرە هەیە کە پێم وایە ئەوە رێگرە لە بەردەم پێکهێنانی بەرە. لەواقیعدا پێش هەموو شتێك باشتر وایە بەرە تەنیا لە سەر کاغەز نەنووسرێ و باسی لێ نەکرێ. ئەوەی کە ئێستا لەسەر کاغەز دەنووسێ و هەر لایەنێکی سیاسی بیر و بۆچوونی خۆی باس دەکا، پێم وایە لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم بیروبۆچوونانە باس بکرێن، نزیکایەتییەکی زیاتر دروست دەبێ. ئێمە وەکو سازمانی خەبات هیچ کێشەیەکمان نییە بۆ پێکهێنانی بەرە و بە پێچەوانەی هەموو هێزەکانی کوردستان تەنانەت لەگەڵ پارتی ژیانی ئازاد ((PJAKیش کێشەمان نییە. بمانەوێ و نەمانەوێ پەژاك بوونی هەیە و لەکوردستانی ئێرانیشدا رۆڵیان هەیە و هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نییە و هیچ پێش مەرجێکیشمان بۆ دروست بوونی بەرە نییە.

+ سەبارەت بەپێکهێنانی بەرە بەتایبەت هێزە سەرەکییەکان ڕێکخراوێکی وەکوو خەبات دەخەنە پەراوێزەوە و هیچ باسی لێوە ناکەن، ئایا ئێوە خۆتان وەك کەمینە دەبینن و پەسند دەکەن ئەگەر نەکەونە ناو بەرەوە؟

- لەڕاستیدا بەرە بەمانای شتێکی بەکۆمەڵ و گشتییە. ئەگەر باسەکە لە نێوان دوو هێز دابوو، دیارە دەبێتە هاوپەیمانیی نێوان دوو هێز. بێگومان ئەگەر ئەوانەی خۆیان بەسەرەکیی دەزانن، مەبەستیان ئەوە بێ کە خۆیان بەگەورەو کوێخای کوردستان بزانن، ئەوە پێم وایە زەرەرمەند دەبن. بۆ مەسەلەی بەرە، وەکوو باسم کرد شتێکیی گشتییە. نەك تەنیا هێز و لایەنە سیاسییەکان، تەنانەت پێویستە کەسایەتییەکانیش لەبەرەدا بەشدار بن. بۆ وێنە کەسایەتییەکی وەکوو مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی، ناو و ناوبانگەکەی لەوانەیە لەهێز و لایەنێکی سیاسی گەورەتر بێ، هێزێکی سیاسی ناتوانێ شوێنێك بۆ خۆی دەست نیشان بکا و بڵێ ئەوە جێگە و ڕێگەی منە لەناو جەماوەردا، ئەوە داهاتوو دەری دەخا. بەرە شتێکە لە دەرەوەی وڵاتە، لەناو خۆی وڵاتدا نییە کە هێزێك بڵێ ئەوەندەم توانا هەیە و ئەوی تر بڵێ ئەوەندەم دەسەڵات هەیە. ئێمە پێمان وایە کاتێك کە دوو هێزی سیاسی بە یەکەوە دادەنیشن و قسە لەسەر بابەتێك دەکەن، ئەوە پەیوەندیی بەخۆیانەوە هەیە و پەیوەندیی بە بەرەی کوردستانییەوە نییە.

+ لەگەڵ ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی بەگشتی و پارت و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی پەیوەندییتان چۆن و لە چ ئاستێك دایە؟

- ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزۆسیۆنی کورد، لەگەڵ هەر هەموویان پەیوەندی و هات و چۆمان هەیە. بیروڕا ئاڵ و گۆڕ دەکەین و سەردانی یەکتریش دەکەین. بەڵام شتی ڕەسمیمان لەنێوان دا نییە. دیارە سازمانی خەباتیش هێزێکی کوردستانییە و بیست و حەوت ساڵە خەبات دەکات و دەریشی خستووە کە چ جێگە و شوێنێکی هەیە. بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو پرسیارەی پێشووش کە باست کرد ئەو هێزانە خۆیان بەگەورە و سەرەکیی دەزانن، ئەوا داهاتوو دەری دەخات. سازمانی خەبات لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان پەیوەندی و هات و چۆی هەیە. بەڵام لە چوارچێوەی بیروڕا گۆڕینەوە نەك لەسەر ئەوەی چەند خاڵی هاوبەش هەبێ لەسەری رێککەوتبین. لەگەڵ هێزەکانی تری ئێرانیش ئێمە پەیوەندییمان هەیە. لەگەڵ سازمانی موجاهدینی خەلق و سازمانی چریکە فیدائییەکان پەیوەندییمان هەیە. بەگشتی پەیوەندی و ئاڵ و گۆڕی بیرو بۆچوونمان لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانی هەیە، بەتایبەت لەگەڵ سازمانی موجاهدینی خەلق پەیوەندییەکی نزیکمان هەیە.

+ پەیوەندی سازمانی خەبات لەگەڵ موجاهدینی خەلق، بۆتە مایەی ڕەخنەی زۆر و کەس و لایەن، ئەو پەیوەندییانە لە چ ئاستێکدان، چ وەڵامێکتان هەیە بۆ ئەو ڕەخنانە؟

- دیارە ڕەخنەی هەر کەس جێگەی رێزە، بەڵام ئەبێ پەسند بکەین، هیچ کام لەو هێزانەی لە کوردستانی ئێران خەبات دەکەن، باس لەسەربەخۆیی کوردستان ناکەن. یانی ناتوانن دژی ئەو واقعە قسە بکەن کە ئێستا لە ئارا دایە. بێگومان بۆ داهاتووی ئێرانیش پێویستە هەموو هێزەکانی کوردستانی ئێران بەبێ جیاوازی لەگەڵ هەموو هێزەکانی سەرانسەری پەیوەندییان هەبێ. چونکە دەبێ لەئێستاوە تێیان بگەیەنین و ڕێگە خۆش بکەین بۆ ئەوەی هیواکانی گەلی کورد بێتە دی و داواکانی بچەسپێ و لە ئێستاوە قسەیان لەگەڵ بکەین. ئەگەر ئێستا کێشەمان لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەبێ، لەداهاتووشدا ناتوانین بەشتێك بگەین. پێمان وایە ڕەخنەی ئەوانەی دەڵێن چاك نییە و پێویست ناکا، بەپێچەوانەوە وا نییە. هەر بۆ نموونەش ئێستا لەعێراقدا دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەموو هێزەکانی عێراقی پەیوەندییان هەیە. تەنانەت لەگەڵ مەجلیسی ئەعلای عێراقی، لەگەڵ حیزبە شیعەکان کە زۆریش دواکەوتوو و ناژیارن. بۆیە پێمان وایە پێویستە پەیوەندی گەرم و گوڕ بێ. نەك ئی سازمانی خەبات، هەموو هێزەکانی تر لەگەڵ سازمانی موجاهدینی خەلق و باقی هێزەکانی دیکە.

+ بۆچوونتان لەسەر دەست تێوەردانی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە چییە؟

- دیارە ڕووخانی رژێمی ئێرانمان زۆر زۆر پێ خۆشە. ئێران ملۆزمێکی گەورەیە، نەك تەنیا بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکو بۆ ناوچەکەش مەترسیدارە. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئێران بکەوێتە بەر هێرشی نیزامی. ئێمە پێمان خۆشە خەڵکی ئێران هەموو پێکەوە هاودەنگ و هاوکار بن بۆ ڕووخانی رژێم. ئەگەر ئەمەریکاش هاوکاری خەڵکی ئێران دەکا، لەرێگەی دەست تێوەردانی نیزامییەوە نەبێ. ئێمە ئەمەریکا وەك هێزێکی داگیرکەر نابینین کە هاتۆتە عێراق و ئازادی کردووە. لەحاڵی حازردا بەپشتیوانی گەلی کوردی دەبینین. لەرابردووشدا لەناو هەموو هێزە سیاسییەکان و لەناو پەیڕەو و پرۆگرامی هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانی شتێك هەبوو بەناوی "مەرگ بەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکا"، ئێمە ئەو کاتیش لەساڵی ١٣٦٧دا کاتێك کۆنگرەمان بەست، ئەو شتەمان ڕەت کردەوە. هەر هێزێك کە پشتگیری لەگەلی کورد بکا، ئێمەش خۆمان بەدۆستی ئەو دەزانین و ئامادەشین بۆ هەر چەشنە هاوکاری واتە هەر جۆرە پەیوەندی گرتنێك لەگەڵ ئەمەریکادا.